ژمارەی کوژراوان و قوربانیان لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە زیادیکردووە



ژمارەی کوژراوان و قوربانیان لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە لە 7ـی تشرینی یەکەمی 2023ەوە گەیشتووەتە 44 هەزار و 249 کەس و 104 هەزار و 746 بریندار کە زەربەیان منداڵ و ئافرەتن و سەدان قوربانی هەشتا لەژێر داروبەرد و بینا ڕووخاوەکانی کەرتی غەززەن.

وەزارەتی تەندروستی کەرتی غەززە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە "لەنێوان ١١ژانی 25 و 26ـی تشرینی دووەمی ڕابردوودا هێزە داگیرکەرەکان (ئیسرائیل) سە کەمەکوژییان ئەنجامدا و لە ئەنجامدا 14 کەس کوژراون و 108 کەسی دیکەش بریندار بوون".

شایەنی باسە، سوپا و هێزەکانی سەربە ئیسرائیل ماوەی 418 ڕۆژە بەردەوامن لە ئەنجامدانی کەمەکوژی لە کەرتی غەززە و ناوچە جیاجیاکانی فەلەستین و دەیان هێرشی ئاسمانی و تەپباران و کوشتاریان دژی هاوڵاتیانی مەدەنی ئەنجامداوە، کە تا ئێستاش ئەو هێرشانە بەردەوامە.